شاندەکی تەکنیکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرەم دەچنە بەغدا

ڕەباز حەملان، بریکاری وەزیری دارایی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، سبەی یەکشەممە 22ـی کانوونی یەکەم، شاندێکی تەکنیکی هەرەم دەچنە بەغدا.

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق دەشێت: لە کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزارەتی دارایی فیدراڵ و حکومەتی هەرەم لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوودا وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵ بریاریدا تیمێک لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ سەردانی هەولێر بکەن و لە ماوەی 10 ڕۆژدا بە هاوبەشی کاری پێکەوەیی بکەن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی هەرەم.

ڕەباز حەملان باسی لەوەشکردووە تەواوی ئەو ڕێکارانەی بە ڕێکخستنەوەی میزان مراجەعەی مانگانەی هەرەم لە سەرەتای ساڵی 2024ەوە تا مانگی 11ـی ئەمساڵ مانگ بە مانگ تەدقیق کرایەوەو ڕێکخرایەوە بەوشێوەیەی کە وەزارەتی دارایی فیدراڵ داوایکردبوو لەسەر لیستی مووچە و خەرجی تەشغیلی و ئەو بڕە پارانەی کە لە بەغدادەوە بە هەرەم نەدراوەو ئەو پارانەی لە هەرەم لەسەر داهاتی ناوخە سەرفکراوە بەتایبەت بە پرکردنەوەی مووچەی مانگانە هەمووی دیاری کراوە.